# عەشق، هزر و ئایندەی کۆمەڵگای مەدەنی[I]

نووسینی: مایکڵ ئێدواردس[II]

وەگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: بەختیار کەریم

ئەم وەرگێڕانە بە "دەنگەکان" پێشکەشە.




[III]

بنەماکانی کۆمەڵگایەکی مەدەنیی تەندرست بەپێی مایکڵ ئێدواردس، هاوسەرێتی نێوان دوو ڕشتەی مرۆڤە کە زۆرجار هەڵەتێیگەیشتووین و کەم بەهامان کردوون: هزر و عەشق.

"بنیاتنانی کۆمەڵگای مەدەنی" چ واتایەکی هەیە؟ بەوپێیەی لەم ڕۆژگارەدا و زۆرجار ئەم ووشانە بەزۆران دەدرێن (تەنانەت وەک پۆزش لەپشت شەڕی عێراقەوە دەبینرێت)، لەوانەیە کەسێک پێیوابێت ئاماژەن بۆ شتێکی ڕوون و بێگرێ. وەلێ "کۆمەڵگای مەدەنیی" لەلایەن سیاسیە جیاوازەکانەوە دەستی بەسەرداگیراوە تا خزمەت بە ئەجێندا جیاوازەکانی خودی خۆیان بکات.

بۆ کۆنسێرڤەتیڤەکان، ئەم ووشانە بە واتای بازاڕی ئازاد و ئازادییەکانی تاک دێن، بۆ چەپەکان واتای ئەڵتەرناتیڤێک دەدەن بۆ بازاڕ کە لە دەوری هاوکاری و بەشداری دیمۆکراتیانەی زیاتر بنیاتدەنرێت، بۆ ئەوانەش کە لەنێوەندی زەمینەی سیاسەتدان گرنگیی بواری خۆبەخش جەخت دەکەنەوە لە وێناکردنیان بۆ ئابووریەکی سۆشیال-بازاڕ.

زۆر ئاسانە وێڵبوون لە گرفتەکانی ئەم گفتوگۆیەدا، یان باوەڕهێنان بە گریمانەکانی لایەنێک یان یەکێکی دی. دەربازبوون لەم بونبەستە گەڕانە لەودیو پێکدادانی ئایدۆلۆجیاکانەوە بۆ ئەو توانا بنەڕەتیانەی کە پێویستن بۆ داڕشتنی کۆمەڵگایەکی مەدەنیی کە شایستەی ناوەکەی بێت، وێڕای بەردەوامیمان لە ناکۆکی لەسەر چۆنێتیەکەی لە ئاستی وردەکاریدا.

بۆ من، گرنگترینی ئەم توانایانە بریتین لە عەشق و هزر، هەریەکەیان یەکلاکەرەوەن و هەردووکیان بەخۆیان و لەخۆیاندا هاوسەنگیین بۆ زیادەڕوویەکانی ئەویتر. عەشق و هزر ڕێگەخۆشکەرن بۆ دانوستانێکی بەهادار لەسەر جیاوازییەکانمان، ئەگەرچی بەدەگمەن بەم چەمکانە پێناسەی کۆمەڵگای مەدەنیی کراوە، بڕوام وایە کە باشترین

تێگەیشتن ئەوە نیە کە کۆمەڵگا مەدەنیی وەک "شتیک"ی دروستکراو لە دەرەوە بسەپێنرێت، بەڵکو هاوسەرێتییەکی بەردەوام ئەفرێندراوی نێوان ئەم دوو ڕشتەیە لە توانا. لەسەردەمی ڕۆشنگەرییەوە گرنگی هزر بۆ دیمۆکراسی بەردەوام سێنتەری بووە بۆ گفتوگۆی جەماوەریی، عەشق کەمتر لەو. قسەکردن لەسەر عەشق، بەتایبەتی بە ئاشکرا، وەک گفتوگۆیەکی شەرمهێن و سەرشێتانە دەبینرێت. نائامەدەگی عەشق لە بواری گشتیدا بۆتە سیمایەکی خراپی کۆمەڵگای هاوچەرخ.

## هزر و ژیانی گشتیی

چەمکی "جەماوەر" — کۆی جفاتێک کە گرنگی بە چاکەی گشتیی دەدات و توانای هەیە بە شێوەیەکی دیمۆکراتیانە تاوتوێیان بکات — سێنتەریە بۆ تێگەیشتن لە کۆمەڵگای مەدەنیی. فراوانبوونی بەرژەوەندی هاوبەش، ئامادەباشیی بۆ بەخشینی زەمینە بەوانیتر، توانای بینینی شتێکی خۆمان لەوانەدا کە جیاوازن و لە ئەنجامدا کارکردنی پڕبەرهەم پێکەوە. هەموو ئەمانە خاسیەتی گرنگن بۆ فەرمانڕەوایی کاریگەر، دەستڕەنگینی لە چارەسەرکردنی کێشەدا، هەروەها گونجاندنی ئاشتیانە بۆ جیاوازیەکانمان.

لەوانەیە کەسێک بڵێت، کۆی ژیان دانوستانە و نرخی بەشداریکردن لە کۆمەڵگای مەدەنییدا بریتیە لە ئامادەباشی بۆ گۆڕینی بۆچوونمان لە ئەنجامی بەریەککەوتن لەگەڵ بۆچوونی تردا. وەک بەردی قەراغ ڕووبار، لێواری تیژی جیاوازییەکانمان بە تێپەڕبوونی کات لە ئەنجامی بەریەککەوتن نەرمتر دەبێت. کۆمەڵگەیەکی مەدەنی تەندروست وابەستەیە بە فراوانکردنی تواناکانمانەوە بۆ قسەکردن، مشتومڕ، فێربوون و لە کۆتاییدا پێکەوە چارەسەرکردنی کێشەکانمان لە ڕێگەی پرۆسەی هزری کۆمەڵایەتیەوە. "هاری بۆییت" ئەمە ناودەنێت "سیاسەتی ئازادیی"، کە تێیدا هیچ کەس مۆنۆپۆلەی ڕاستیی نەکردوە و هەمووان هاوبەشن لە ئەرکی دانوستاندا لەسەر بەرژەوەندیەکان.

تەندروستیی کۆمەڵگای مەدەنیی لەم تێگەیشتنەدا وابەستەیە بە چاندنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، وزەی کۆمەڵایەتی و "هاوولاتیبوونی چالاک" لەنێو جەماوەردا. ئەم ووشانە لەسەر زار زۆر بەچێژن بەڵام ئومێدی ساختەی واقیعێکی سەختن، بەوپێیەی فشارێکی زۆر دەخرێتە سەرمان لەلایەن کەپیتاڵیزمی مۆدێرنەوە، کە تێیدا کات ئیجگار سنووردارکراوە، هاوولاتیبوون سڕاوەتەوە، هەروەها چاودێریی کۆمەلایەتیی بگرە گفتوگۆیەکی کۆمەڵایەتیی ڕاستەقینە چالاکانە دەچەپێنرێن لەلایەن بەرژەوەندیی خاوەن هێزەکانەوە.

لەم دواییانەدا تاقیکردنەوەیەکم خوێندەوە کە درابوو بە گشت کارخوازانی زنجیرە سوپەرمارکێتی وۆڵمارت لە ئەمریکا. "هاوڕایت" تاقیکردنەوەکە دەپرسێت کە "دەبێت لە هەموو کاتێکدا وابەستەی پێتیی ڕێساکان بین؟" تەنها وەڵامێکی قبوولکراو بۆ سەرسامیمان "زۆر بەتووندی"بوو. کەواتە لەکاتێکدا کە پێدەچێت هزری کۆمەڵایەتیی بنەمای کۆمەڵگای مەدەنیی بێت چەندین هێزی دیکە هەن کە پێ لەسەر وابەستەیی، شوێنکەوتەیی و بێدەنگیی دادەگرن.

نۆ نمونە، دەقە فەرمییەکانی ڕاستیی تادێت قووڵتر ڕۆدەچنە نێو وێناکردنی جەماوەرییەوە. "گەمەی نوێ"، ڕۆژنامەنووس "نیکۆلاس کۆنفێسەر" دەنووسێت، "بریتیە لە باڵادەستبوون بەسەر کۆی ژینگەی ڕووناکبیریدا کەتێیدا سیاسیەکان بڕیاری سیاسی دەردەکەن، کە ئەمەش واتا هاوکاریی مادیی هەرچیەک لە سێنتەرەکانی بیرکردنەوەدا بەرهەم بێت لە ئەنجامی گروپی فشاری ساختەوە". بەم شێوەیە ڕاستیی دەکرێت لە خولیای جەماوەردا بەرهەم بێت بۆ ئەوەی لە خزمەتی ئەوانەدا بێت کە دەسەڵاتدارن. بەلەبەرچاونەگرتنی ئەوەی کە تۆ "لەگەڵ" یان "لەدژی" شەڕی عێراق بوویت بۆ نمونە، پێویستە نائامەدەگی گفتوگۆیەکی ئاشکراو و چڕ دەربارەی دۆزی شەڕەکە خەمێکی گەورەی هەموو هاولاتیەکی باش بێت.

تەنانەت ڕەشبینیەکی گەشەسەندوو دەربارەی هزر وەک بنەمای داڕشتنی سیاسەتی کۆمەڵایەتی لەگۆڕێیە، کە جیادەکرێتەوە بە مەیلی ڕوانین بۆ سەرچاوەی دەرەکی بۆ دەسەلات لەجیاتی ناوخۆیی، ڕاستیی ئاشکراکراو لەجیاتی ڕاستیی وەک بەرهەمی دانوستان، ئایدۆلۆجیا لەجیاتی گۆڕانی سیاسەت و کۆدەنگیی وەک بەرهەمی ناکۆکیی عەقلانیی. بلۆگەکان (جۆرێک لە ماڵپەڕی ئینتەرنێت — وەرگێڕ) شوێن بە ڕۆژنامەگەریی لەقدەکەن، ئەمە بەواتای داماڵینی پێداویستیی پشکنینی ڕاستیی و لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتییە. چڕیی، گومان، هەڵاوێرد و داوەریی لە سایەی دڵنیاییە

خودابیە گریمانکراوەکاندا لاوازبوون. سیاسیەکان بەئاشکرا گاڵتە بە ڕاستیی یان گەردونی لەسەر ڕاستیی بنیاتنراوی نەیارەکانیان دەکەن. لە سیاسەتی مۆدێرندا ڕاستیی بۆ دوڕاوەکانە.

کاتێک عەقڵانیەت دارزا، کەرتبوون و نابەخشندەیی زیاد دەکات و لەلایەن سیاسیە بێباکەکان و خزمەتکارەکانیانەوە لە میدیا، بڵندگۆی کەنیسە و پەیوەندییە گشتیەکاندا زەقدەکرێنەوە. سیاسەت بۆتە گەمەی خاڵی-سفر (zero-sum game) کەتێیدا بردنەوە بەهەر نرخێک بێت تەنها ئامانجە. دووبارە لە مێژوودا، جیاوازیی شتێکی ترسناکە، یان دەبێت کۆنترۆڵ بکرێت یان بچەپێنرێت، لەجیاتی ئەوەی پێی شادمان بین و بیپارێزین. سەرژمێریەکی (Public Agenda) لە ساڵی 2005 بە ڕۆشنیی پیشانی دەدات کە ئەمریکیەکان کەمتر ئامادەگیان هەیە سازش لەسەر بۆچوونی خۆیان بکەن لە بابەتی گەرمی وەک کورتاج، مافی هۆمۆسیکشواڵ و سزای مەرگ کاتێک لە دیدگای ئایینییەوە لەم بابەتانە دەڕوانن. زۆرە بۆ کۆمەڵگای مەدەنی تا ئەو ئاستەی لەو جێگەیەدایە کە وەک "جۆن کیین" دەڵێت "کاتێک وەک دوو نامۆ پێکگەیشتین چەقۆکانمان لەیەک هەڵنەکێشین".

جەماوەر تادێت پتر تووشتی کەرتبوون دەبێت و کەمتر و کەمتر ئامادەیە دانوستان لەسەر بەرژەوەندەییە هاوبەشەکان بکات. وەک "ثێدا سکۆکپۆڵ" دەڵێت، ئەتۆماندنی کۆمەڵگای مەدەنیی لە ئەمریکا ئەو پردانە وێران دەکات کە لەنێوان ئەو گروپانەی بەرژەوەندییدایە کە ڕاگری گشت ڕیفۆرمە مەزنە کۆمەڵایەتیەکانن لە سەردەمی پاش-جەنگی دووەمی جیهانیدا. چاکسازیی لەم چەشنە (بڕوانە خزمەتی تەندروستیی و بیمەی کۆمەڵایەتیی لە ئەمڕۆدا) وابەستەیە بە گەشەکردنی ڕێچکەی زیاتری بیرکردنەوەی سەربەخۆ لەنێو دەنگدەراندا بۆ ئەوەی بتوانن لەو قەفەزە هەڵبێن کە سیستەمی حیزبایەتی باو تێیدا بەندکردوون، هەروەها پاڵپشتییان ئاراستەی چارەسەری نوێ بکەن کە لە هاوبەشیدا بێت لەگەڵ گروپەکانی دیمۆکرات و کۆماریی، ئایینیی و سێکولار، پەنابەر و ناپەنابەر. ئەمە تەنها لەکاتێکدا دەکرێت کە خەڵک ئامادەبن لە ڕیگەی هزراندنەوە بگەنە زەمینەی نوێی هاوبەش.

### عەشق و کردەی کۆمەڵایەتی

بێگومان جیهانێکی وشک دەبێت ئەگەر هزر بەتەنها فەرمانڕەوایی کرد بەبێ چاودێریکردنی لەلایەن ڕۆح، وێناکردن، هونەرمەند و عاشقەوە. هاوکات ناواقیعییە چاوەڕوانی چارەسەری کێشە ڕەگئاژۆ کۆمەڵایەتیەکان بین لەڕێگەی بەکارهێنانی هزرەوە بەتەنها. کاتێک هزر تووشی لوتبەرزیی بێپایان دەبێت، دەبێتە فۆرمێکی تری ناعەقڵانیەت بگرە فۆرمێکی شێتێتی، بەهێڵێکی ڕاستەوخۆدا دەگاتە کەمپەکانی مەرگ لە رایخی سێیەم یان ڕەشەکوژیی یادەوەرییەکی نزیکتر لە ڕواندا، بەڵکان یان دارفور. "هزر" وەک "تێری ئیگڵتۆن" لە ڕانانی کتێبێکدا لەسەر ڕۆشنگەری دەڵێت، "پێویستە تا بەشێوەیەک باوەڕ بپارێزین لە بەرامبەر ئەو هێزە ناعەقڵانیانەی کە سەرچاوەی هزرن، هاوکات دان بنێین بە دەسەڵاتیاندا وەک چۆن دەوڵەتی دێرینی ئەسینا باجی خۆیدا بە دەسەڵاتە سامناکەکان".

ئەو دەسەڵاتە چیە کە لە دژی کارایی کۆمەڵگای مەدەنییدا ڕاوەستاوە؟ لەوانەیە هەندێک بڵێن ئایین یان باوەڕ، بەڵام ئەم شتانە هەمیشە تایبەتمەندێتین، لکێندراون بەو نیمچە-بەشانەی مرۆڤایەتی و ئەو ئەجێندایانەی کە سەروەرییان پێدراوە، دەرئەنجامی ئەمە ئەو کەرتبوونەیە کە پێشتر ئاماژەم پێدا و لەلایەن پێشداوەرییەوە پەلاماری دەدرێت کە دەتوانین لە زۆربەی جفاتە ئایینییەکاندا بەدیبکەین، هەروەها ئاڵوگۆڕکردنی کردەی خزمەت یان بەخشندەیی تاکەکەسیی بە تێگەیشتنێکی پڕ و تەواو لە فاکتەرە بونیادیەکان کە دەبنە هۆی سەرکوتکردن. سۆشیال کۆنسیرڤەتیزم ئەو کاتانە سامناکترە کە جلکی ئایین دەپۆشێت و ناکرێت بە دروستیی لە ڕێگەی گفتوگۆی عەقڵانییەوە لەسەر دادوەریی کۆمەڵایەتی بەرەنگاری بینەوە، چونکە گریمانەی دەسەڵاتی جیهانێکی تر دەکات.

دەسەڵاتێکی بەهرەمەندتر عەشقە. من لێرەدا قسەم لەسەر عەشقی ڕۆمانتیک نیە، یان عەشق وەک ناوی دەبەن بەو "عەشقەی دادوەریی فەراهەم دەکات"، وەک لە تێگەشتنی پاکیزەی بەختەوەربوون لای مارتن لوسەر کینگ، بەڵکو ئەو عەشقەی کە نمایشی چاندنی مەبەستداری توندوتۆڵ کردنەوەی بازنەکانی کەسیی و گۆڕانی سیستەماتیک دەکات.

"جەوهەری عەشق" بەپێی ڕێکخراوی خوێندنی عەشقی بێسنوور " Institute for the Study of Unlimited Love" لە زانکۆی کەیس وێستێرن "بریتیە لە پشتڕاستکردنەوەی کاریگەر هاوشان لەگەڵ ئاسوودەکردنی خۆبەخشانەی چاکەی ئەوانیتر، هەروەها سەرقاڵبوون بە کردەی خزمەت و بەتەنگەوەهاتنەوە لەجیاتی ئەوانیتر بەبێ هەڵاواردن لە ڕێگەی میهرەبانییەکی نەپساوەوە."

ئەمە عەشقی گەردونییە، عەشقی بێمەرجە، تەنها وابەستەی چاکەی گشتیی و یەکسانی هەمووانە.

ئەمە عەشقێکە کە هەستیاریی بە یەکسانیی ڕادیکاڵ ڕادەگرێت، هێزێکە کە دووریی و هیرارکیەت تێکدەشکێنێ

ئەمە عەشقێکە کە ڕێزی گرنگیی خود-تواناسازی ئەوانیتر دەگرێت، باوکسالاریی و ڕۆمانتیسیزم پشتگوێ دەخات بۆ پەیوەندیی ڕاستیی و ڕەوایی، ئەگەرچی بە قۆناغی پێکدادان و ناتەباییدا گوزەربکەن.

ئەمە عەشقێکە کە دەبێتە پاڵنەر بۆ بەجێهێنانی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانمان هاوشان لەگەڵ بەها مۆراڵییە تاکەکەسییەکانمان، جیهانی ناوەکیمان بە زەمینە گشتییەکانەوە گرێ دەدات، هانی کۆبڕیار دەدات و تۆڕی خود-وێناندن و پەیوەندیی ڕەخنەگرانە دروستدەکات.

ئەم عەشقە کارایە نەک پاسیڤ، بەڕاشکاوی کاردانەوەی ئەو سیستەم و ستراکچەرە سەرکوتکەر و بەرخۆرانەی کاریگەری لەسەر چاکەی ئەوانیتر هەیە لەبەرچاودەگرێت، تەنها گرنگیی نادات بە نازنەی نزیکی خێزان و هاوڕێ بەڵکو خۆبەخشینێکی قووڵ و پیرۆز لەپێناو ئازادیی هەمواندا.

ئەم عەشقە ناخوازێت دەسەڵات گردبکاتەوە، تەنانەت ئەگەر لە دژی سەرکوتکردنیش بێت، بەڵکو بۆ گۆڕینیەتی تا ئەو ئەندازەیەی کە واتای "سەرکەوتن" دەگۆڕێت بۆ زیاتر لە گەمەی خولانەوەی کورسیەکان لەنێو بەرژەوەندی تەسکی سیاسیدا.

ئەم عەشقە هاوسەنگییەکی پێویست پێکدێنێت بۆ زیادەڕۆییەکانی هزر، زیادبوونی هەڵاواردن، سوکایەتیی، عەفەویەت، بەرپرسیارێتی ئیتیکی و زانیاری هەستیی کە هەر یەک لەمانە پێکهاتەی سەرەکین بۆ دانایی.

ئەم عەشقە هاوکاریمان دەکات بۆ تێگەیشتن لەوەی کەی و چۆن عەقڵانیەت بەکاربێنین و بەرزی ڕابگرین تەنانەت لە قورسترین دۆخدا بە فراوانکردنی خود-ئاگایی لایەندارییەکانمان، پێشبڕیارەکانمان، کوێریمان لە ئاست ڕاستییەکان، پتەوکردنی بابەتییبوونمان لە بارەی توانا و کەمتەرخەمیەکانمان.

ئەم عەشقە لە ترس، نائاسایش و هەستی نزممان بەرامبەر خۆمان ڕزگارمان دەکات.

ئەم عەشقە گەشبینیی و ئومێدمان پێدەبەخشێت، فراوانکردن زیاتر وەک لە گرێبەستی ڕشتەی ڕەخنەگرانەمان، کرانەوە لەجیاتی داخرانمان پێدەبەخشێت.

ئەم عەشقە وەڵامی ئامادە بەرهەمناهێنێت بۆ پرسیارە ڕەگئاژۆکان و کێشە یاخییەکانی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە بەپێی لۆجیکی باوی ڕاست، چەپ، جولەکە، موسوڵمان یان مەسیحیی داڕێژراون، بەڵکو لەبری ئەوە ڕشتەیەک خولیا پێشکەش دەکات کە لێیەوە ئەڵتەرناتیڤ پێدەگات، لە ئەنجامدا "زانستی کۆمەڵایەتی عەشق" بەرهەم دێت کە دەتوانێت پیشانی بدات کە چۆن سیاسەت، ئابووری، پێشکەوتنی دامەزراوەیی، پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی و نێودەوڵەتیی دەکرێت لە ڕێگەی عەقڵانییەتێکی تەواو جیاوازەوە بگۆڕێن. هاوسەرێتی لەگەڵ ژیانی دەوڵەمەندی ناوەکی کە تەرخانکراوە بۆ چاندنی خۆشەویستی و میهرەبانیی و سۆز لە کردەی سیاسەت، ئابووری و سیاسەتی گشتیی تەنها کلیلە بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتیی.

پێناچیت ئێمە هەرگیز دیدگایەکی هاوبەشمان هەبێت لەسەر کەرەستە و ئەنجامەکانی سیاسەت و ئابووری، بەڵام هەموومان دەتوانین لە پرۆسەیەکدا بەشداربین کە ڕێگەدەدات پێناسەی هاوبەش بۆ هاوئاهەنگ کردنی جیاوازییەکان بدۆزینەوە. ئەم خۆتەرخانکردنە لە بنەڕەتدا واتا کۆمەڵگای مەدەنیی لە ئەنجامی هاوسەرێتی عەشق و هزر. بۆئەوەی ئەم هاوسەرێتیە سەرکەوتوبێت پێویستە لەسەر هەموومان بەشداربین لە "هاوڕێیەتیی ڕاخنەگرانەدا" — خۆشویستن بەڵام بەریەککەوتنی توندی نێوان ئەو موسافیرە یەکسانانەی بەرەو زەمینەکانی ڕاستیی و جوانیی ڕێدەکەن.

کۆبوونەوەی ئەم دوو تایبەتمەندێتییە - عەشق  و بەهێزیی، هزر و پتەویی — پێناسەی ئەو پەیوەندییە دەکات کە سێنتەریە بۆ چارەسەرێکی دیمۆکراتیانەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان. پێناچێت بیرکردنەوە لە کۆمەڵگای مەدەنیی وەک

هاوکات پرۆسە و دەرئەنجامی ژیانێک کە لە هاوڕێیەتیی ڕەخنەگرانەدا ژیابێتین لێکۆڵەوەرەکان و سیاسیەکان ڕازییبکات، بەڵام دەکرێت ببێتە بەرتەکێک کە هەمووەمان دەتوانین تێیبگەین و وەڵامیی بدەینەوە لە ڕێگەی چالاکییەوە. ئەوەش بۆ من زۆر باشە.

---

[I] سەرچاوە:

Michael Edwards, Love, reason and the future of civil society, Open Democracy, 22/12/2005, http://www.opendemocracy.net/globalization-vision_reflections/love_3149.jsp

[II] مایکڵ ئێدواردس بەڕێوەبەری یەکەی فەرمانڕەوایی و کۆمەڵگەی مەدەنیی دەزگای فۆردە لە نیو یۆرک.

[III] ئەو وێنەیەی سەرەوە وێنەی بەرگی کتێبێکی مایکڵ ئێدواردسە بەناونیشانی: کۆمەڵگای مەدەنیی: تێزەکان بۆ سەدەی بیستویەکەم.